# دیاردەی گەندەڵی

حەمەی مەکتەبە

**پێشەکی بۆچی گەندەڵی بەم شێوەیە سەری هەڵداوە و سەرچاوەکانی گەندەڵی چین وستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ ئەم نەهامەتیە چیەوچی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بنبڕبکرێت وتاوانەکەی لە ئەستۆی کێدایە بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پێویستە ئێمە بزانین گەندەڵی چیە.**

بەپێی ئەو پێناسەی کە بۆ گەندەڵی کراون،گەندەڵی شتێک نیە جگە لە سوود وەرگرتنی خراپ لە سامانودەسەلاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی شەخسی وتاکە کەس،ئەم پێناسەیە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە واتە لایەنی سیاسیوئابووریو کۆمەلایەتیودادوەری دەگرێتەوە.

گەندەڵی لە هەر حکوومەتێک هەمیشە لەگەڵ بوونی بنچینەکانی سەرهەڵ ئەدات



لە دوو حاڵەتدا بنچینەکانی حکومەتی دیموکراتی گەندەڵ دەبێ :-

یەکەم/ کاتێک رۆحی یەکسانی لەناو بچێوهەرکەس لە شوێنی خۆیەوە بە هاوتا یەکسان دابنێ لەگەڵ دەسەلاتو پیاوە گەورەکانی ولأتدا،واتە لەگەڵ ئەو کەسانەی کاروباری وولأت بەرێوە دەبەن.

دووەم/ گەل نایەوێ رێزی ئەو مافو دەسەلاتانە



بگرێ کە بە پیـاوە گـەورەکانی سـپاردووە بـە هـیچ جۆرێ پەیڕەوییان لێ ناکا.

کاتێک ڕۆحـی یەکسـانی لـە ڕادە وسـنووری خـۆی تێپەڕان خەڵک بڕیاردەدا بۆ خـۆی هـەمووکارەکان ئەنجام بدات، لە جیاتی دەسەڵاتی یاسادانان ڕاوێژی خۆی بکا،مافی دادوەرەکـان پێشـێل دەکا،لـە جیـاتی دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردنـی یاسـاکان جێبـەجێ بکاوکاروبارەکان ڕاپەڕێنێ،لەم حاڵەتەدا ئیتر خـەڵک بە هیچ جۆرێ ڕێزی پلەوپایەی دەسەڵاتداران ناگرن سەرەڕۆیوبەرەڵای دەبێتە حەزوخولیایی هـەموان و ئـەرکی بەرپرسـیاران وکارمەندان دەبێتـە مایـەی هیلاکی وماندووبوون.

## هۆکارەکانی گەندەڵی

1- میـرات کـەلتووری کـۆن دواکـەوتووی گەشـەنەکردنی ئاسـتی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری کۆمەڵگا.

2-کۆنترۆڵ نەکردنی بازاڕ

3-جیـاوازی ڕوونوئاشـکرا لـە مووچـەی فەرمانبەران وبەرپرسانی دەوڵەت .

4-دانانی کەسانی نەشیاو لە شوێنی شیاودا .

## شێوازەکانی گەندەڵی

1-پەیڕەونەکردنی مەرجـە یاساییەکان وئاسـانکاری بۆ کەمکردنەوەی نرخەکان بۆ بەرپرسانی دەوڵەت .

2-واستەکردنی هەندێ دەسترۆیشتووی حکومەت .

3-خزمایەتی کردن .

4-سەر ڕاست نەبوون لە جێبەجێ کردنـی کـاری فەرمانبەریەتی دڵسۆزانە .

5-بەفیڕۆدانی سامانی گشتی .

## ڕێگا چارەسەرەکانی گەندەڵی

1-دەرکردنـی بڕیـارو یاسـای کاریگـەر بـۆ بەرەورووبوون لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی

2-دامەزرانـدنودانانی کەسـانی شـیاو لـە شـوێنی شیاودا .

3-کـەم کردنـەوەی جیـاوازی مووچـەی کارمەندانوبەرزکردنەوەی مووچەی فەرمانبـەرانی دەوڵـەت بـە شـێوەیەک کەناچـار نـەبن بـۆ پێداویستیەکانیان پەنابۆ بەرتیل بەرن .

4-تێکدانی گرووپوتەکەتوولەکانی مەترسیدار لـە دەزگا حکوومیەکاندا .

5-نوێکردنـەوەی کارگێڕیوسـوودوەرگرتن لـە کەسانی دەست پاک .